ئەوکاتەی ڕووداکاتە بەغدا، یان ناچاری دەکەن ڕوو بکاتە ئەوە، لە کەلاوێک دژێت و دەبێتە کرێچی. کاتێ باڵوزخانەی بەریتانیا دەیانەوێت، بە بەرژەوەندی و پەوپاگەندە و سیاسەتی و کارەکانی خۆیان، گۆڤارێک دەربکەن. ئەوە ئینگلیزەکان دێن دەستی حوزنی ماچ دەکەن و ئەو کارەیان لەگەڵ بکات؛ نێک لەبەر ئەوەی سەر بەوانە، بەڵکوو شارەزایەکی زۆری لە چاپخانە و ئیشپێکردن و بەڕێوەبردنی کارە هونەرییەکان و دەرکردنی ڕۆژنامە و کتێب هەبووە، شارەزایەکی باشی زمانی کوردی بووە. ئەزموونی لە حەبەب و ڕواندز و سلێمانی و هەولێر هەبووە و چەندین ساڵ کاری چاپخانەی کردووە، کەسی وەک ئەو لەوکاتە لە حوزنی باشتر دەستیان نەدەکەوت؛ واتە ئەزموونی و زیرەکی حوزنی بووە، ئینگلیزەکان دێن و کاروباری چاپخانەی دەخەنە بەردەست و ئەویش ئەو کارەی کردووە و زانیوێتی دەتوانێت لەم ڕۆگەیە، خزمەتی کورد بکات. خە ئەگەر من و تۆش باین و بڵێین کار و بڵانە و بێپارە و دوور لە دەست و خزم و کوردستان ژیابایین. سەردەمێک بووە، جەنگی دووەمی جیهانی و ناخۆشی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ململانێی دەوڵەتان و خراپی باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە و نەبوونی کار و کاسابەتی، ئەو کارەمان بە سپاسەوە

دەکرد.
تەفیق وەهبی و ئەوانەی لە گۆڤار و دواتر ڕۆژنامەی (دەنگی گیتیی تازە) کاریان دەکرد، لایەنگری ئینگلیز بووبن، ئە بە تاوان بێت بە حوزنی. ئەوەی بڕاست کتێب و نووسینەکانی تەفیق وەهبی لە خزمەتی ئینگلیز بوون یان کورد! خاڵێکی دی بەوانە ئینگلیزەکان، کاتێ لە شەڕەکە سەرکەوتن و چیدی پێویستیان بە گۆڤارەکە و پێوپاگەندە و ئەو سیاسەتە نەما، گۆڤارەکە دادخەن و پارە و خەرجی لێم شتە سەرف ناکەن. بەڵام ئەوە حوزنییە، بە گۆتینی کوردانە و دەسەزانە دێتەوە مەیدان و ناهەڵێت ئەو گۆڤارە بوەستێت، چونکە بوونی ئەو گۆڤارە لەوساتە بە پێویست دەزانێت و بەو لایەنە خراپەی دارایی تێدایە، ئەو ئەرکە دیگرێتە ئەستۆ.
"کاتێك ئینگلیز ئیشیان بە پێوپاگەندە نەما، ئیتر گۆڤارەکەیان ڕاگرت و ئەرك و خەرجییەکانی گۆڤارەکەیان نەکەشاوە. دوابەدوای ئەمە (حوسێن حوزنی موکریانی، فایەق توفیق و محەمەد بابان) داوایان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە، ماوەیان بدات درێژە بە دەنگی گیتیی تازە بدەن. وەزارەتی ناوخۆش ڕێگەی پێداون و پاش ڕێگەپێدانیان ئاگاداری سەربەخۆبوونی گۆڤارەکە باوکراوەتەوە.(7)
بەم شێوەیە دەنگی گیتیی تازە بەردەوام دەبێت و تا دوا ژمارە لە 25/8/1947، لەگەڵ مردنی حوزنی لە 20/9/1947، ئیدی دەنگی گیتیی تازە نامێنێت.
مردنی حوزنیش، ڕەنگە خراپترین مردن بێت، کە بەو شێوەیە ئەو پیاوە گەورەیە، سەردەنێتەوە. لەڕە دەچمە خزمەتی (چێشتی مجێور)ی مامی هەژار، لەسەر مردنی ئەو مژوونووسە، چیڕۆکێکی خەمناکمان بە دەگەڵدێتەوە. "بەیانییەك برادەرەك هات، گوتی: "حوزنی کوتوپڕ مردووە؛ با بچینە سەرقەبران". چەند دیمەنێکی دڵتەزێن بوو: جەنازەکەی لەسەر خاك درێژکرابوو تا قەبری تەواو دەبێ، جگە لە من و برادەرەکە هیچ کەسی لە لا نەبوو، بیرم لە قەدرنەزانی کوردان دەکردەوە، گریانێکی زۆر بە کڕ گرتمی و پێم وایە تەنیا کەسێك بە مەرگی گریابێ من بووم… حوزنی کە بە جاسووس و هەمەکارەی ئینگلیسیان دەزانی، زۆر بە فەقیری مرد. جگە لە کتێبخانەکەی، هەموو ناو ماڵی، یەك_دوو بڕک و چوار نیمکەتی داربوو، منداڵی نەبوو، ژنەکەی کوردی تورکیە بوو، ناوماڵ بە ژن ماو کارەکەری ماڵانی دەکرد".(8)
چەند ساڵێك لە دوای مردنی حوزنی، (فاتیمەخان)ی خزانەکەی بە پیری و هەژاری لە ماڵەکانی بەغدا، کارکەر و خزمەتکاری ماڵان بووە و بە ژیانێکی مەرە و مژی ژیاوە و ئەویش وەك حوزنی بە هەژاری ژیا و مرد؛ لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە بەکەسوکاری نێژرا.

بەهەشت، حوزنی ئەوها ژیا و مرد. کەمێک کتێبی لە دوای خۆی بەجێهیشت، ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامەی دەرکرد و خزمەتی نەتەوەی خۆی کرد. ئاگەر حوزنی جاسووس و پیاوی ئینگلیزەکان بوایە، چەن ئەوها دەژیا، کوا موچەکەی! خۆی کرێچی بووە. کوا ئەو خانوو و زەوی و دووکانانەی لە دوای خۆی بەجێهشت! بەچی لە دوای ئەو ئینگلیزەکان نەهاتن و دەستی یارمەتی بە خێزانەکەی درێژ بکەن! ئەستاش خێرێک هەیە، بەئەوەی یەک کتێبی ئەو پیاوەی خوێندبێتەوە و بە سوودوو دەبڕێت: حوزنی بوختانی بە مەلای خەتە کردووە، حوزنی جاسووسی ئینگلیزەکان بووە! ئەمە تەنها بیستوێتی، ئاگەر خۆی بێت و بەدواداچوون بکات، مرۆڤ زۆر ڕاستی بە دەردەکەوێت. کاتێ شاری ڕواندز بەرفراوانکردنی جادەی گشتیی ڕواندز کەوت، گوێی (مەلای خەتە)*یان گواستەوە، بە شوێنکی دی، من یەکەم کەس بووم، ئەمم کردە هەوال. وتم: گوێی مەلای خەتیان لە گۆڕ دەرهێنا؛ وتم: دەبێت بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، چونکە هەم مردووە و هەمیش زانایەکی گەورەی کوردە. هەبوو لەم هەواڵە دڵگرانبوون، دەیانگوت: مامەستا لێی گەڕێ، ئەوە فتوای داوە و پاشای گەورەی بە کوشتن داوە! لە زۆر کەس و چالاکیی و دیدارانەی لەسەر حوزنی لە ڕواندز کراون و بڕیشداریم کردووە، کتێبەکیشم لە بواری ئەدەب لەسەر ئەو پیاوە نووسیوە. هەبووە، خەشی بە ڕۆشنبیر دادەنا، یان بیرکی ئایینی تووندڕەوی هەبووە. پێی وتووم: بە ئەوەندە گرنگی بە حوزنی دەدەیت و ئەو بوختانی بە مەلای خەتە کردووە و جاسووسی ئینگلیزەکان بووە! یەکەم پرسیاری من ئەوە بووە، چەند کتێبی حوزنیت خوێندەتەوە، بگومان بڕیارەکەم پەدەکەت. یان پێیان دەڵێم، ئاگەر ڕاستدکەیت، وەرە بڕگەم بە بڕنە، با خەم شیبکەمەوە و لێی تێبگەم. لای من هەردووکیان مرۆڤن، ناڕەم فریشتەن و شایەنی هەڵەن، دەکرێت هەڵەکانیان دیار بکرێن، شتێ جوانەکانیشیان بە جوانی سەیر بکرێت و ناشیرین نەکرێن.

بە من هەم حوزنی و هەم مەلای خەتە، دوو پیاوی گەورەی کوردن و بە هیچ شێوەیەک لای من ناشیرین نابن. ئەوەی بە ناشیرینی سەیری مرۆڤ بکات، ئەو بگومان خۆی و بیرکردنەوەکانی ناشیرینە. (سوقرات) قسەیەکی جوانی هەیە (بوختان بەیە خراپە، هەموو کەس بەبە لەکدانەوە قبووڵی دەکات). ئاخر چ کەسێک ئەوەندەی حوزنی، لێی دراوە، زینەدانیکراوە، تەمەت و بوختانی بە هەڵبەستراوە، بە جاسووسیان داناوە. (زەکی ئەحمەد هەناری) لە نووسینێک ئەو زوڵم و ستەمەی لە حوزنی کراوە، بەمان دەخاتە ڕوو "لە عێراقدا (22) جاران گیراوە، شۆڤار (جاسووسەکان) هەمیشە بە دواوەی بوون و وەچانیان نەدەدا. (3) جاریشیان ژاریان داوەتێ، (2) جارانیش لە دراوە(9)

هەروەها لە سوریا سێ جار لەدراوە و چوار جاریش لە سەردەمی عوسمانی گیراوە. جارێك سەربازانی تورك لەی دەدەن و چەناگەی دەشکێن و تا مردەیشی هەشتوە، بە هەی شکان و ئەو لەدانە بەزەبرەی بەری کەوتبوو.
بەداخەوە! لە ئێستادا، بوختان و قسەی نابەجێ و شێواندنی مێژوو و ئابەووبردنی کەسایەتییەکان و سەرکردەکان و پیاوە ئایینەکان و شاعیر و هونەرمەند و تەنانەت مرۆڤکی ئاسایی، ئەوەندە زەر بووە، بە ئاسانی و بە ژیریی دەستکرد و بێگانەنامە و نامە و نووسراوی سەختەی دروست بکەیت و لە بێگەی سێشیا میدیاوە، بەاوبکەیتەوە.

سەرچاوە

1. ئازاد عەبدولواحید، حوسێن حوزنی موکریانی لە یادەوەری حەمەبەردا. گۆڤاری ئامان، ژمارە (177)، 5/2/2012، ل 36.
2. دێشاد خەتات_یاسین برایم، لانەی شێوان. چاپخانەی شوان، سەران، چاپی یەکەم، 2026، ل46_48.
3. سەرچاوەی پێشوو، ل5.
4. گۆڤاری زاری کرمانجی، ژمارە (10)، 30ی تەموزی 1927، ل23.
5. د. محەمەد خدر مەولوود، غونچەی بەهارستان. چاپی یەکەم، هەولێر، 2025.
6. د. کوردستان موکریانی، گۆڤاری ئووناکی، یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر1935_1936. چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، ل31-41.
7. نیگار عبدوللە کریم قارەمان، پێگەی کولتووری (دەنگی گێتی تازە) لە ئێژنامەگاریی کوردیدا، 2022، نامەی ماستەر، زانکۆی چەرمە، کۆیژی زمان.
8. هێژار موکریانی، چێشتی مجێور. ناوەندی چاپ و بەاوکردنەوەی کتێبی میهرەگانی، چاپی دووەم، 2007، ل 112-113.
9. گۆڤاری هەتاو، ژمارە (179)، 15/7/ 1960.

- مەلای خەتە: مەلا محەمەد ئەفەندی کۆی مەلا ئەحمەد، بە مەلای خەتە ناسراوە و زانا و موفتی میرنشینی سەران بووە لەسەردەمی پاشای گەورە. گۆڕەکەی لە پێش قوتابخانەی ئامادەیی ئواندزی کۆان بوو، لە تەنیشت مستەفا بەگی باوکی پاشای گەورە نێژرابوو. ئێژی 11/7/2007 لەبەر ئەوەی گۆڕەکەی دەکەوتە بەرجادەی گشتیی ئواندز_بخا. بۆیە لەو ئێژە،

شارەوانی هەولێر، هەوڵی داوە پیاوەکانی گواستنەوە بە گەڕەکانی گەردەگەرد و ئەستا گەڕەکی دیارە و نوژەنکرایتەوە.

ئەقڵ لەنێوان دین و نەتەوە؛ تێڕامانێک لە هاوسەنگییە فیکرییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ.. نووسینی: کارزان عەزیز

لە مێژووی بیری مرۆڤایەتیدا، هیچ دوو چەمک هێندەی «دین» و «نەتەوە» نەبوونە مایەی داگیرساندنی کپەی گەورەترین بەخشندەیی، ئەخلاق و ئازایەتی، و لە هەمان کاتیشدا، سەرچاوەی کاولکاری، دابەشبوون و قەیرانی قوڵ. هەردووکیان لە قووڵترین پێویستییەوە دەروونی و بوونگرایەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن؛ دین بە وەڵامدانەوەی پرسیارە گەورەکانی مانا، سەرەتا و کۆتایی ژیان و دابینکردنی پشتێنەیەکی قووڵی ئەخلاقی بە مرۆڤ، و نەتەوەش بە بەخشینی ناسنامە، زمان، یادەوەریی هاوبەش و جوگرافیایەکی پارێزراو کە مرۆڤ تێیدا لە هەستی نامۆبوون دەرباز دەکات. بەڵام کاتێک بە دیدەکی گەخنەگرانە، زانستی و فەلسەفی سەیری ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە دەکەین، پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە: ئایا پێگەی «ئەقڵ» لەم ناوەندە هەستیارەدا لە کوێدایە؟ ئایا ئەقڵ حاکمێکی باڵایە بە ئاگرتنی هاوسەنگی و گەگریکردن لە کارەسات، یان تەنها ئامرازێکی ملکەچە لەبەردەم سەزە پڕ لە هیجانەکانی ئەم دوو هێزە مەزندا؟ بە وەڵامدانەوەیەکی ئەکادیمیانە و هێندە قووڵ، پێویستە لە سەرەتاوە بە وردی سەیری ئەو گرێکوێرە مێژووییە بکەین کە لە نێوان ئەقڵ و دیندا بوونی هەیە.

یەکەم: ئەقڵ و دین؛ لە نێوان تێگەیشتنی گەخنەگرانە و دەگماکانی ئابردوودا

لە هوانگەیەکی مێژوویی و مەعریفیدا، دین پەیامێکی ڕەحمی و ئەخلاقییە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای مرۆڤ و بەخشینی پیرۆزی بە بوونی. بەڵام کاتێک ئەم پەیامە دەکەوێتە ناو بازنەی زمان، تێگەیشتن، مێژووەوە و دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، خۆرا پەویستی بە تەئامان، لێکدانەوە و شیکردنەوە دەبێت و لەرەوە ئەرکی مێزنی ئەقڵ دەست پێدەکات. کێشەکە هەمیشە لەو خاڵەدا دەست پێدەکات کە ئەقڵ دەکرێتە قوربانیی تێگەیشتنێکی داخراو، نەگۆ و دەگما، کە تێیدا دەق لە چوارچێوە ڕەهەندە مرۆیی، شارستانی و سەردەمییەکەیدا دادەبڕێت. کاتێک دین لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی تووندوتیژ و دابڕاو لە ڕیالیستی سەردەمدا قەتیس دەکرێت، مرۆڤ توانای داهێنان، تێگەیشتن لە جیاوازی و پێشوازیکردن لە «ئەوی تر» لەدەست دەدات و ژیان دەبێتە پرسیارێکی سەخت بۆ سینەوەی ئازادیی تاکەکەسی. لە بەرامبەردا، ئەقڵی ڕەخنەگر، کراوە و گۆشەسەندوو ئەو کلیلە زێرینەیە کە دەتوانێت دەقەکان لە قووڵایی مێژووەکەیان ڕزگار بکات و ئەخلاقییەکانیان بخوێنێتەوە، و بیانگونجێنێت لەگەڵ گەڵانکارییەکانی سەردەمدا بێ بێ ئەوەی هیچ لە ناوەکە ڕەحمی و هەستەکیان کەمببێتەوە.

دووەم: ئەقڵ و نەتەوە؛ لە هۆشیاریی نیشتمانییەوە تا شۆڤێنیزمی کوێر

لە لایەکی ترەوە، کاتێک تیشک دەخرێنە سەر پەیوەندیی نێوان ئەقڵ و نەتەوە، دەبینین نەتەوە تەنها کۆمەڵە خاک و سنووورێکی جوگرافیی بەگیان یان کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوبەش نییە، بەڵکو بارهەمی هۆشیاری، زمان، یادەوەری، مێژووی هاوبەش و مەعریفەیە. ئەقڵی نەتەوەیی، کاتێک لەسەر بنەمای بەها باڵاکانی وەک مافی مرۆڤ، هاوڵاتیبوونی یەکسان، دادپەروەری و فرەچەشنی بنیاد بنرێت، دەبێتە لانکەیەکی مێزن بۆ پێشکەوتن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، بە جۆرێک کە تاک تێیدا هەست بە ئارامی، پارێزراوی و بەشداریی ئاستەقینە دەکات. بەڵام مەترسییە گەورە و کوشندەکە لەو کاتەدا سەر هەڵدەدات کە ئەقڵ لە کارکردنی زانستی و ڕەخنەیی خۆی دوورەستێت و دەکەوێتە خزمەت «نەتەوەپەرستیی کوێر» و شۆڤێنیزمی تەسکەوە. لەم دۆخە نەخۆش و سەزداریدا، نەتەوە دەبێتە بتێکی پیرۆز و ڕەها، کە دەبێت هەموو بەها مرۆییەکان و ئازادییە تاکەکەسییەکانی لە پێناویدا قوربان بکرێن. ئەقڵی شۆڤێنی، جیاوازییەکانی وەک هەڕەشەیەکی بوونگەرایی دەبینێت و بە مانەوای خۆی پێویستی بە دروستکردنی دوژمنی ناوەکی و دەرەکی هەیە، کە ئەمەش کۆمەڵگە دەخاتە ناو بازنەیەکی داخراو و نوقم لە ڕق، جەنگ و قەیرانی بەردەوامەوە.

سێیەم: تێکەڵکردنی دین و نەتەوە؛ قەیرانی سیستمی فیکری لە کۆمەڵگەدا

کاتێکیش ئەم دوو هێزە مەزنە واتە دین و نەتەوە بەیەک دەگەن و لە یەک خاڵدا لە جێستەی کۆمەڵگەدا تێکەڵ دەبن، یەکێک لە ئاڵۆزترین و کارەساتبارترین دیمەنەکان دروست دەبێت، کە بریتییە لە بەسیاسەتکردن و بەنەتەوەکردنی دین و هاوکات بەپیرۆزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بە بەهای خوداییەوە. لە کاتێکدا دین دەکرێت فاکتەرێکی بەهێز بێت بۆ بەهێزکردنی ئەخلاق و یەکێیزیی کۆمەڵایەتی، بەڵام کاتێک دەکرێتە ئامرازێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە دەست دەسەڵاتداران و گرووپەکاندا، زیانێکی کوشندە بە هەردووکیان دەگەیەنێت؛ دین بەها گشتگیر و ئاسمانییەکەی لەدەست دەدات و دەبێتە کەرەستەیەکی هەرزان بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ستەم و هەڵاواردن، و نەتەوەش لەبری ئاوەزی لەسەر بنەمای بڕوانەدیی نیشتمانی و زانست بنیاد بنرێت، دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکیی توند و سینەوەی جیاوازییەکان.

چوارەم: ئەرکی ئێقە لە قۆناغی داهاتوودا

بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە فیکری و کۆمەڵایەتییە، پێویستە لەسەر ئاستی هزری و هۆشنبیری هەنگاوی جددی بنرێت. چارەسەر لە بنەڕەتدا نە سینەوەی دینە و نە پشتگوێخستنی هەستی نەتەوەییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ «خوێندنەوەیەکی کراوەی زانستی». ئێقەی ڕەخنەگر دەبێت ئاو فلتەرە مەزنە بێت کە هەگبە نادات ئایین و نەتەوە ببنە کەرەستەی پاکتاوکردنی مرۆڤدۆستی، بەڵکو دەبێت زەمینە خۆش بکەن بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە.

دەرەنجام

لە کۆتاییدا، لەژیکی فیکری و زانستی پێمان دەڵێت کە ئێقە تاکە دەزگا و پێوەری مەعریفییە کە دەتوانێت سنووری ئاستەقینە لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا ئاگرێت. ئێقەی ساغ و هۆشیار ئاوەیە کە هێز لە قوڵایی ڕۆحی و ئەخلاقیی دین بگرێت بەبێ ئاوەی بکەوێتە داوی دەگما، و هاوکات پشتگیری لە ماف، زمان و شانازیی نەتەوەیی بکات بەبێ ئاوەی بکەوێتە تەڵەی شۆڤێنیزمەوە. بە بوونی ئێقەیەکی کراوە، ڕەخنەگر و لەژیکی، نە نەتەوە دەتوانێت بەرەو پشکۆتن گەشە بکات و نە دینیش وەک پێویست وەک ڕێنوێنێکی مرۆڤدۆست دەمێنێتەوە؛ بەڵکو هەمیشە زەمینەخۆشکەر دەبێت بۆ قەیرانی فیکری و داماڵینی کۆمەڵایەتی.

پاشکۆی کۆتایی: کۆواتە، چارەنووسی داهاتووی کۆمەگەکانی ئەمە لە

گروو و هەوەستی هوونا‌کی و تاریکیی نەوان سەز و ئەقڵدا یەکلا دەبێتەوە. ئەگەر فیکر و زانست نەتوانن جەوی ئاراستەکان بگرنە دەست، مەترسیی ئەوە هەیە کە شوناسەکانمان لە قەڵای ئازادییەوە ببنە گەستانی فرچەشنی. بەیە، گەانەوە بە سەدەی لەژیک، هەزگرتن لە فرەیی و سەروەرکردنی ئەقڵی هەخنەگر، تەنها بژاردەیەک نییە بە باشترکردنی دەخەکە، بەکو تاکە مەرجی زیندووماندوەی هەشیاریی نیشتمانی و مرۆیی ئەمەیە لە جیهانێکی پڕ لە گەاندا.

مەژووی وێنە.. (تێگەیشتنی تەکنیکی و بیری هونەری).. عەبدولموتەلیب عەبدوەا

هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە، تاکو ئەمڕۆ "وێنە" وەک بابەتێکی شیکاریی دەروونی و هەشیاری مەعریفی لە مەژووی فەلسەفە و هونەردا قسەی زۆری لەکراوە. لەو فیلەسوف و سینەماکارانەی کە بونیادی پەژڕای فەلسەفەی میدیا، هەخنەیی سینەمایی لەسەر وێنە داشتتوە (ژان بەدریار) و (ژان-لوک گەدار)ە.
(1)
وێنەی "دیمەنێک لە پەنجەرەی لو گراس" لەلایەن زانا و فیزیاکاری فەرەنسی (ژۆزەف نیسفۆر نیەپس) تۆمارکراوە و بە یەکەمین فەتۆگرافیی مەژوویی دادەنرێت؛ لە تۆمارکردنی ئەو دیمەنەدا پێیامی ئامرازی (تەکنیکی) هوونکردەوە؛ واتە هەنگدانەوەی سادەی واقیعی تۆمار نەکرد، بەکو خودی "میکانیزمی ئامرازەکە" (کارلێکی تەکنیکی و کیمیایی لەگەڵ هوونا‌کی و کات)دا بووە ناوەڕۆکی بنەڕەتیی دیمەنەکە: سەربانی باخانەکانی دەوروبەری ماەکەی "نیەپس" لە سەن-ئێت-مارن. لە دیمەنەکەدا هەناکیی خۆر لە هەردوو لای هەژهەات و هەژئاوای باخانەکاندا و دواتر سێبەریان کردووە، چونکە ماوەی گرتنی وێنەکە (8) کاتژمێری خایاندووە، بەیە وەک جەرەک لە "کەبوونی کات" لەناو گرتەیەکی فەتۆگرافیدا بەرجەستە دەبێت؛ لەرەدا مەژووی وێنەگری بە خودی ئامرازەکەوە بەندە، نەک بە دراماتەجیی دیمەنەکە. ئەگەر لەگەڵ "دیمەنی کەانێکی کۆن، چۆ و

بەدەنگ" بەراورد بکەین، کە (ڤالتەر بنیامین) لە وتاری "کاری هونەری لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا" قسەی لەکردووە؛ ئەوە دەتوانین بڵێین "دیمەنێک لە پێنجەرەی لو گراس" واقیعەکی بڵایەن نیشان دەدات و زۆتر جەخت لەسەر وردەکارییەکانی ژینگەی فیزیکی دەکاتەوە. بەڵام لە "دیمەنی کۆتایدا" ئەو بەدەنگ" دیواری کەن، کەرپوچی شکاو و ڕووگای بەردەڕژکراو... ئاماژە بە خولانەوەی مۆتوور دەکات؛ ئەزینی دیوارکان و کابووندەوەی ڕووگەکان، جەژن جوانییەکە دەخوڤێنێ کە پڕی دەگوترێت "جوانیی شوێنەوارکانی کات"؛ بەو مانایە کات دەبێتە ماددەیەکی سەرکیی کارە هونەرییەکە و"ووبارکەی کراوە بە خۆیا". واتە لە تەماشاکردنەکی ووتەی تەکنیکییەوە یان "کۆتایی بوونی کات"ەوە دەپێتەوە بە "ووبارکەی کراوەی خۆیا"ی قووڵی ووتەی هونەرییەوە.

بگومان وێنەکەی (ژاک نیسفەر نیپس) لەووی مۆتووییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام ڕەناکیی خەر و پاشان سەبەرکردن، تێپەڕبوونی ژینگەی فیزیکی کات و بۆشایی دەنوێنێ؛ واتە وێنەکە مامەڵە لەگەڵ "ئێستا" و ماوەی "8 سەعات" دەکات و توانای دابڕانی "لەبەر"دا نییە. کەچی لە وێنەی دووەمدا چێیی کۆتایی کەنەکە و نەبوونی ئاستوخۆی مرۆڤ و بەدەنگییەکە ناکاتە تێپەڕبوونی کات و بۆشایی، بەڵکو کات دەبێتە ماددەیەکی سەرکیی دیمەنەکە: کورسییەکی بەجێماو، دەرگایەکی داخراو، دیواری ڕزاو و فانسەک-دەبنە بەگەی بوونی پێشووتری مرۆڤ، ئەم دەخە "وەرگر-بینەر" تووشی جەرەک لە پرسیارکردن دەربارەی ئەو کەسانەی پێشتر لەوێدا ژیاون، دەکات.

وێنەی یەکەمیان چەقی پەرەسەندنی تەکنیکی فۆتۆگرافیی نیشان دەدات. وێنەی دووەمیان ڕووتی پەرەسەندنی فۆتۆگرافیی دەنوێنێ. هەردوو دیمەنەکە ڕەهەندی مۆتوویی و لایەنی فەلسەفیی تەکنیک و هونەر دیاری دەکەن. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا دەشێ (تەکنیک و هونەر) وەک جیاوازی نەوان تێگەیشتنی هەستیی و بیری ئێبستراک تەماشا بکەین؟!.

(2)

پرسی مەعریفە و چۆنیەتیی گەیشتنی مرۆڤ بە زانست، هەمیشە یەکێک بووە لە تەوەرە سەرکییەکانی مۆتووی فەلسەفە و دەروونناسیی مەعریفی. لە بنەڕەتدا، ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ "بوون" لەسەر دوو پایەی جیاواز و تەکهەڵکەشراو وەستاوە: یەکەمیان، تێگەیشتنی هەستیی کە ڕاستەوخۆ بە جیهانی ماددی و هەستەوە دەمانبەستێتەوە. دووەمیان، بیری ئێبستراک کە توانای داهێنانی چەمک، داڕشتنی مانا، و تێپەڕاندنی واقیعی هەیە. لەنەوان ئەم دوو ئاستەدا،

جیاوازییەکی مەعریفیی قوون لە مژووی تەکنیکی و ھۆتی ھونەرییدا بەدی دەکرێت، بۆ مانایەی کە ھەندی "تەکنیک" وەک ئامرازی بۆ ھەمەمانا ھێکۆپک و دووبارەبووەو دەبینرێت و ھەندی "ھونەری" وەک کایەی داھێنان، دەربڕینی ھێحی و ئیستاتیکی تەماشا دەکرێت.

لێرەدا مژووی تەکنیکی "دیمەنێک لە پەنجەرەی لۆ گراس" یەکەمین دەروازەی چوونە ژوورەوەی مرۆڤ بۆ ناو جیھانی وێنە!. ئاگەرچی ئەو ئاستەی مەعریفە تەنھا مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا دەکات کە "ئێستا" و "لێرە"دا بە ماوەی ھەشت سەعات ئامادەیە؛ ئاگەرچی ئەو ئاستەی مەعریفە ڕاستەوخۆ لەگەڵگای ھەستکارەو (بینین، بیستن، بڕکەوتن، تامکردن، و بۆنکردن) تێگەیشتنێک تەمار دەکات و خەسڵەتی بنەڕەتیی ئەو تێگەیشتنە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە دیاریکراو و تاکەکەسییە؛ بە نموونە، بینینی ھێناکی و پاشان سڕبەر لە "دیمەنێک لە پەنجەرەی لۆ گراس"، کەی زانیارییەکانی لە سنووردکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە؛ واتە کۆشکەی لەوەدایە کە مژووی تەکنیکی "مژووی ئامراز و ھێگاکان" توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ تەکنیکی مژوویی "ئامراز و ھێگاکانی خوێندنەوەی مژوو"دا نییە.

بەڵام بیری ئەبستراک وەک پێوەرێک لە شتەکانەوە بە چەمکەکان لە "دیمەنی کۆمانەکی کێن، چۆ و بەدەنگ" دەبینرێت، واتە ڤالتەر بنیامین تەنھا قسەی لە نیشاندانی دیمەنی کۆمانەکی کێن و بەدەنگ نەکردووە. بەڵکو دەست دەکات بە خوێندنەوە و ڕاوردکردن، و پێوەستکردنی نیشانەکان بە ئامادەیی نادیار و "نەبوونی مرۆڤ"ەوە؛ لەوەشەوە پێی وایە ئەزموونی ھونەری چیتر ھەکارەک نییە بە گواستنەوەی نەریتی ھونەری، بەڵکە پانتاییەکی ڕێخنەییە کە مرۆڤ تێیدا فڕێ دەبێت چۆن بەرگەی زەبر و شکەکانی (کات) بگرێت. ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە مەوداییکی بەسنوور دەبەخشێتە مرۆڤ تاکو لە سڕووی شوێن و کاتەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکەکاندا بکات. بەڵام لەگەڵ ھەموو ئەوانەشدا پێوەندیی نێوان ئەم دوو کایە مەعریفییە پێوەندییەکی دیالێکتیکی و تەواوکارییە، نەک دژایەتی. "تەکنیک" وەڵام دەداتەوە و کۆشە چارسەر دەکات؛ بەڵام "ھونەر" پرسیار دەخوڵقێنێت و واقیع دەپشکنێت.

کەواتە تێگەیشتنی ھەستیی (تەکنیکە) بە چەمکە ئەبستراکەکان کۆڕە، چونکە توانای ڕێکخستنی زانیارییەکانی نییە؛ چەمکە ئەبستراکەکان (ھونەر)یش بە تێگەیشتنی ھەستیی بەتاڵە، چونکە پێوەندییان بە واقیعەوە دەپچڕێت. لێرەوە جیاوازیی مەعریفی نێوان تێگەیشتنی ھەستیی و بیری ئەبستراک لەوەدایە کە ھەست، مرۆڤ لەگەڵ کاتی ئێستا و ماددەدا دەبەستێتەوە، لەکاتێکدا بیری ئەبستراک، ئازادیی مانا

دەنخشێنێت.



(3)

واقیعی وێنەکەی (ژۆزف نیسفۆر نیپس) بە قووڵایی و ماوەی (8 سەعات) درێژبوونەوە، واقیعەکی فیزیکی پێشووی و بەشوێیکی گشتی دەکەوێتە ناوەندناسیی. بەڵام وێنەکەی (ڤالتەر بنیامین) واقیعەکی پرسیارەزی بنەڕەتیی شەوەڵێژ کردووە، واقیعەکی ئاماژەیی بەرهەمهێناوە. شوێنەواری ئێنتەلێژی کورسییەکی بەجێماو، دەرگایەکی داخراو، دیواری ڕزاو و فانسەک– لە فکر و هۆشیاریی وەرگر-بینەردا بەجێی دەهێڵێت.

بە گشتی وێنە پێکهاتەیەکە بە تەماشاکردن، کاتێک شوێن دەگرێتە خۆی و لە کات دەپەڕێتەوە؛ بەوەش لەگەڵ هاوشێوەسازییەوە تەواوی بوون بە وردەکارییەکانییەوە ئاشکرا دەکات. بەڵێ دیمەن بەخشراوەکی تەومژاوی نییە، بەڵکو لە یەک کاتدا هەگری ڕاستگۆیی و ئەزموونە و دەربڕینەکانی لە پرسیاری جەراوجەردا ڕەنگ دەداتەوە؛ بەو مانایەش دالی هونەری ئاماژەیە بە زیاتر لە دەلالەتێک.

وێنە دەتوانێت لە واقیعدا ڕەگ داکوتێ و ووڵتر لە ووداو و باوەڕکراوتر بەرجەستە بێت. پێیامێک بێت بە مەجازی ڕەوانبێژی و

ەمزییەت. بەمجۆرە ناتوانرێت جیاوازی لەنێوان میدیاڵۆژی "تەکنیک" و ئەنتاڵۆژیای "هونەری"دا بکرێت، چونکە تەکنۆلۆژیا دەکرێت هاوشێوەسازی واقیع بە ئەمزە جۆگر و شاراوەکان تێربکرێت- وەک لە "دیمەنێک لە پەنجەرەی لو گراس"دا هاتووە؛ چونکە سروشتی هاوشێوەسازی (ماوەی 8 سەعات) بەرهەمدەهێنێت کە پشتیوانی لە ئەناکی و داهاتنی سەبەردا دەکات. هاوکات خەسڵەتی گواستنەوەی نەریتی هونەری لە "دیمەنی کۆتایی کۆن، چڕ و بەدەنگ" تەنها لە بواری (ناوەندناسی- میدیاڵۆژی) و ئەنتاڵۆژیدا نییە، بەڵکو لە چەسپاندنی جیاوازی و تایبەندمەندیی نائامادەیی مرۆیەوە خەی دەشارێتەوە. ئەخنەکردنی ئەو بیرکەرەیە، کە وێنەوەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی واقیع دەبینێت، گوزارشت لە دووبارەداهێنان و خوێندنەوە و داشتنەوە دەکات.

(4)

وێنەی "دیمەنێک لە پەنجەرەی لو گراس" جیاوازە لە وێنەی "دیمەنی کۆتایی کۆن، چڕ و بەدەنگ" چونکە ئەوەی دواییان هەڵگری ئامان و بیرکردنەوە و بەدواداچوونە، تەنها لەسەر ژینگەی فیزیکی نەوەستاوە. بەمجۆرە هەر هەوێنێک بۆ خوێندنەوەی واقیعی مرۆیی، دەبێت لە خاڵەکی ئەنتاڵۆژیەوە دەست پێبکات کە خودی (ئامان و بیرکردنەوە و ئەخنە)یە، نەک لە خاڵی ناوەندناسی تەپۆبوونی کات و بۆشایی (ئەناکیی خەر و سەبەرکردن).

ئایا ئەمە گۆشەسەندنی تەکنۆلۆژیا (لە بواری ماماڵەکردن لەگەڵ وێنە)دا چ ئاڵەنگارییەکی مەعریفی دەخوڵقێنێت؟ تەکنۆلۆژیای هاوچەرخی وێنە، بە تایبەتی لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرددا، پێگەی ئەنتاڵۆژیی وێنەی لە ئامرازێکی نیشاندانی واقیعەوە بۆ چالاکی داهێنانی هایپەر-واقیع گۆڕیوە. ئەو وەرچەرخانە تەکنۆلۆژییە ئاڵەنگارییەکی مەعریفی قووڵی لەگەڵ خۆیدا هێناوە: کاتێک لە وێنەدا سنوری نێوان ڕاستی و درۆ، ئەسڵ و کۆپی، و بەڵگە و وەهم… نامێنێ!. بە بەدواداچوونی ئەم قەیرانە مەعریفییە، تیۆریەکانی ژان بودریار لە فەلسەفەی میدیا و پرۆژەی سینەمایی و ئەخنەیی ژان-لوک گۆدار دوو پانتایی فکریی جۆهەریمان بۆ دەسازێنن.

(5)

(ژان بودریار) جەخت لەسەر چەمکی "سیمیولاکرا" و "هایپەر-واقیع" دەکاتەوە. بەگوێرەی لۆوەدا ئاڵەنگارییە مەعریفییەکان تەنها لە "ساختەکردن"ی وێنەدا کورت نابنەوە، بەڵکو لۆوەدا کورت دەبنەوە کە وێنەی تەکنۆلۆژی چیتر نوێنەرایەتیی واقیع ناکات، شوێنی واقیع دەگرێتەوە. بە بۆچوونی بودریار لە پرۆسەی هاوشێوەسازی و

لاسایکردنەوەدا، وێنە چوار قۆناغ تێدەپەڕێنێت: لە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەوە دەست پێدەکات، تاکو دەگاتە قۆناغی چوارەم کە تێیدا وێنە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستییەوە نامێنێت و لەخۆیدا دەبێتە سیمیولاکرا. بەمجۆرە "پاشکۆی ڕاستی" وەک ئالۆنگارییەکی مۆدێرن دەردەکەوێت؛ مرۆڤی هاوچەرخ چیتر لە واقیعدا ناژی، بەڵکو لە ناو تۆڕێکی وەهمی لە نیشانە و ئاماژە دەستکردەکاندا دەژیت کە بەردەوام تێکنەڵژیا بەرهەمیان دێنێتەوە. بەو مانایەش بەرپرسیارێتیی مۆدێرن لە بەرامبەر ئەو هایپەر-واقیعە هیچ مانایەکی نامێنێ، چونکە ڕووداوەکان تەنها دەبنە دیمەنێکی میدیایی و بەدەنگکردنی جەوهەر.

(5)

دەرهێنەر (ژان-لوک گۆدار) لەگەڵ سینەما و فکرەی دژە-سیناریۆ، ئاماژە بە دەستپێکاتی وێنەی میدیایی و پیشەسازیی هۆلیوود وەک ئامرازی "ئایدەئۆژی و دەستبەسەرداگرتنی هۆشیاری" دەکات. لای گۆدار، دەستکاریی تێکنەڵۆژیی وێنە و مۆنتاژکردنی بە ئاگادارکردنەوەی پشووختە (تێکدانی کرامێتی کەسی و ژیانی تایبەتی)، جەرەکە لە تۆندوتیژیی "بینین" بەرامبەر وەرگر-بینەر. بەو مانایەش دەستکاریی تێکنەڵۆژیەکان، وێنەی مۆنتاژکراو و بازرگانی بەسەر وەرگر-بینەردا دەسەپێنن تاکو ڕەگا لە بەدواداچوون و بیرکردنەوە و ئامانی ڕەخنەگرانە بگرن. کەواتە ئالۆنگارییە مۆدێرنەکە لای گۆدار لە ونبوونی "دیالێکتیکی بینین"دا چڕ دەبێتەوە. گۆدار پرسیارێکی مۆدێرنی دەکات و دەڵێ: "ئایا ئێمە سێرکەری وێنەین، یان وێنە کۆنترۆڵکەری ئەقڵمانە؟".

بەمجۆرە لە فیلمی "ماڵئاوا لە زمان"دا ژان-لوک گۆدار تەنها تاقیکردنەوەیەکی سینەمایی بۆ نامێنێ، بەڵکو هەوڵدەستێکی جەوهەریی بەرامبەر ئەو تۆندوتیژییە هەمایە دەنوێنێ کە وێنەی هاوچەرخ بەسەر هۆشیاریی مرۆڤدا دەیسەپێنێت. گۆدار لێم فیلمەدا پەیوەندیی دەستاتخوازانەی "دال" و "مەدلول" هەڵدەوشێنێتەوە. لە فیلمەکەدا دەنگکان، وشە ڕەخنەییەکان و مۆسیقا بە شێوازێکی پچڕپچڕ و نائۆرگانیک دەکەونە سەر دیمەنەکان. بەسەرهاتێکی دیاریکراو لە سەرتاوە تا کۆتایی ناگێڕێتەوە. لەبری ئەوە، فیلمەکە وەک کۆلاجێکی بینایی "بصری" و فکری، یان وتارێکی فەلسەفیی سینەمایی لەسەر زمان، وێنە، پەیوەندییەکان، و تێکنەڵژیا دارێژتووە. واتە زمان چیتر ئامرازی بەیانکردنی وێنە نییە، وێنەش چیتر ڕووکارەوەی زمان نییە. بەو مانایەش بینەر-وەرگر چیتر ناتوانێت دەقەکە بە ئاسانی بخوێنێتەوە، چونکە نیشانەکان لە سەرچاوەکانی خۆیان دابڕاون. لێم خاڵدا فیلمەکە پرسەی "ماڵئاواکردن لە زمان" جێ بەجێ دەکات؛ نەک

تەنها زمانی ئاخاوتن، بەڵکو زمانی دەستەکراوی سینەماش کە چەمکەکان بەسەر بیرکردنەوەدا دەیسەپێنن. لە چارەسەری ئەو ئاپۆرایەی نیشانە و داماتی زماندا، گەدار فێنەمێنلۆژیای سەگەک دەخاتە نەوان پەیوەندی ژنەکی هاوسەردار و پیاوەکی سینگە کە بە بڵکەوت یەکتر دەبینن و یەکتریان خۆشدەوێ و مشتومڕی فکری دەکەن، شڕ دەکەن، و لە کۆتایدا لە یەکتر جودا دەبنەوە. دواتر ئەم هەڵە داڕژراوە جارەکی تر لەگەڵ جەستە و ئەکتەری تردا هاوشێوە دووبارە دەبێتەوە… ئەو سەگە ناوی "میفیل" و دەبێتە کارەکتەری ناوەندی فیلمەکە. گەدار دەیەوێ بە ئەو سەگە نوێنەرایەتیی جیهانێک دەکات کە هەشتا بە حوکمی دەستەواژەکان، نیشانە ئایدۆلۆژییەکان چوارچێوەڕژی و زمانپێشی بە نەکراوە. سەگەکە لە دەرەوەی گرتە و لە دەرەوەی ئاماژە دەستکردەکاندا لە دەوروبەری ووبارەکەدا دەگەڕێت و چاودێریی سروشت و جیهان دەکات. ئامادەیی ئەو، هەمایە بە ئۆگەری بوونی بینینێک کە بەرپەرچی کۆنتڕۆڵی سیمیۆتیکی و تەکنۆلۆژی دەداتەوە.

بەمجۆرە پرۆژەی "مائیاوا بە زمان" ڕاگەیاندنی شکست هێنانی وێنەی هاوچەرخە لە نوێنەرایەتیکردنی ڕاستی، و ڕاگەیاندنی ئاگادارییەکی مێتاییە بەرامبەر دەسەڵاتی نیشانە دەستکردەکان. گەدار لێرەگای داتاشینی زمانی سینەمایی تایبەت بخەیەوە، داوامان لە دەکات لەجیاتی ئەوەی بینەرێکی بە ئاگای ناو هایپەر-واقیع بین، چاودێرێکی ڕادیکاڵیانە بین و کردەی بینین لە هەوەستێکی فەلسەفی، مێتاڵیی و ڕەخنەییدا تێبکەین. گەدار پەمان دەڵێت بە گەیشتنەوە بە ڕاستی و پاکیی بینین، دەبێت مائیاوا لە زمانە چسپاوەکان و فەرمە تەقلیدییەکانی سینەما بکەین.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا
هەولێر 29/8/2026

دەوەزمەی حەرەس قەومی لە

مێژووی هاوچەرخی کوردستان و عێراقدا.. ئاکۆ عەبدوڵا

لەوەتەی وڵاتی عێراق لە دەرەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکراوە و باشووری کوردستانیشی پێوە لکێنراوە، بەردەوام کاربەدەستە باکانی حکومەتەکانی ئەو وڵاتە، جیاوازییان لەنێوان دانیشتوانەکەی کرددووە و زۆر جاریش بە پاڵنەری رەگەزپەرستی، دەسەڵاتییان پیادەکرددووە و لەبەرامبەر خەڵکی کورد ستەمیان کرددووە. بۆگومان کوردیش وەك چۆن پێش دامەزراندنی ئەو وڵات و حکومەتە لە چاوەڕوانی پێکهێنانی وڵاتێکی یەکگرتووی کوردستانیدا بوون، بەو شێوەیەی کە لە بەندەکانی (ولسن) ی ناو کۆنگرەی ئاشتی ساڵی 1919ی پاریس رەوایی پێدرابوو، هەرگیز بەو دابەشکاری و لکاندنەی بەشەکانی کوردستان بە حکومەتەکان رازینەبوون، لەبەرامبەر زەبر و ستەمی ئەوانیش بەردەوام بەخۆاگرییەوە بەرپەرچی داوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە دوای دروستکردنی حکومەتی عێراق لە ساڵی 1921 چەندان جار لەناو ئاستی باڵای دەسەڵاتی سەربازیدا کووەتا بەسەر حکومەتدا کراوە و رژێمی نوێی پێکهێنراوە. یەکێك لەوانە کووەتاکەی ڕۆژی 8 ی شوباتی 1963 بوو کە حزبی بەعس بۆ سەرکایەتی عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر دژی عەبدولکەریم قاسم ئەنجامیاندا. جا لە شۆن ڕەخسانی زەمینەسازی تێگەیشتن و کۆتاییهێنان بە کێشەکان و ڕزگارکردنی وڵات لە قەیرانەکان، کە ئەوسا ڕووبەڕووی کاریگەرترین شڵەشی کورد ببۆوە، کەچی بەعسییەکان دوای دەسەڵات گرتنە دەست یەکێك لە کارە بەراییەکانیان، دامەزراندنی (الحرس القومی) بوو، کە لە دڕۆوەی سوپای فەرمی، میلیشیایەکی چەکداری حزبی بەسەروبەری پەلامارەر و شەفرەش بوو. ئامانجیش لەو کارە چەسپاندنی دەسەڵات و سەرکوتکردنی هەموو نەیارانەکانیان بوو، بەتایبەتیش شیوعییەکان، بەڵام هەر زوو کرا بە ئامرازێك دژ بە کورد، بە شەڵگەڵ و سڤیلییەوە. ئەو میلیشیایە بۆپێی بڕیانی ژمارە (3) ئەو ساڵە دامەزرا. ئەندامەکانیشی کە زیاتر گەنج و هەرزەکارانی بەعسی بوون، بەشکیشیان پێشتر لە لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە (لجان الإنذار) بوون کە ساڵی 1959 دامەزرابوو، بە یاسای ژمارە (35) ی ئەو ساڵە دەسەڵاتی فراوانی پێدرا، بەبێ هیچ چاودێرییەك. ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو هەڵشیان دەکرد لە کۆسایەتییە دیارەکانی بەعس بوون، لەوانە (عەبدولکەریم

نوسرەت) و (مونزیر توفیق خورشید ئەلوەنداوی) کە ئەوەی دوایی لە سوپادا پلەی عەمیدی هەبوو و وەک فەرماندەی گشتی دەستنیشانکرا بوو.
بەو جۆرە حەرەس قەومی وەك هێزێکی خەبەخشی نیشتمانی ناسنرا و زۆر بەخۆرایيش وەك هێزێکی میللی رێکخراوی مەشق پێکراوە، تەنیەوە ناو بارەگاکانی سوپا و سۆرانسەری وڵات. ژمارەی ئەندامەکانیشی تا دەهات زیاد دەبوو تا گەیشتە ئاستێک کە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی عێراق نزیك بێت. ئەمەو بە خۆ جیاکردنەوەش لە خەڵکی، پارچە پەڵەیەکی سەوزیان لە قۆڵیان دەبەست. جان پۆلدیەری نووسەری فەرەنسی لە کتێبەکەی (کورد.. شۆرشی بێدەنگ) سەبارەت بەو قۆڵبەستە سەوزانە نووسیویەتی (لە ڕووی ڕووە و ئایدیا لەگەڵ کراس هەشەکانی نازییەکان بەراورد دەکرێن). ئەوان بە بەدیهێنانی سیاسەتی حزبی بەعس، ئامرازی سەرکی بوو زۆربەی کارەکانیشیان بە چاودێریی یاسایی ئەنجام دەدا. هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی دوای کوودەتاکەی بەربونە ناو شاری بەغدا و زۆر کردەی نەشیاو و نەبینراویان لە پەلامار و کوشتن و سوکایەتی کردن بە خەڵك ئەنجامدا.

تاوانەکانی حەرەس قەومی دژی گەلی کورد

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەو کاتەی بەعسییەکان بە هاوکاری عەبدولسەلام عارفی جێگری سەرك کۆمار، کوودەتایان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد و بە جاری یەکەم دەسەڵاتییان گرتە دەست، ئەوسا قاسم لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەورەترین جەنگی دا بوو. دوو ساڵ بوو شۆڕشی ئەیلول تەنگی پێهەڵچنیبوو. کاتێکیش گۆڕان لە ڕژێمی حکومەت ڕوویدا، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات چاوەڕوانی گۆڕانی ریشەییان دەکرد. ئەوە بوو دوو ڕۆژ دوای کوودەتایەکە شاندی نارده بەغداد، بەڕام دەسەڵاتی نوێ بە توندی دژی داوا ڕەواکانی کورد وەستا و بە بیانووی لێناوبردنی بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی کوردیش، دوو مانگ دوای ئەو ڕووداوە بە هەموو جۆرێك هێرشی کرده سەر کوردستان. یەکێك لە ئامرازەکانی پەلاماردانەکەش حەرەس قەومی بوو کە لەتەك سوپای وڵات بە بەکارهێنانی تانک و تۆپ بەکاریهێنا. بەشێك لەوانە پێیان دەوترا (فورسان وەلید) و لەناو کوردەکانیش هێزێکییان دروستکرابوو بەناوی (فورسان سەلاحەدین) کە حکومەت بە هەموو شێوەیەك پشتگیری دەکردن. ئەو چەکدارە نانیزامییانە بەوپەڕی دڕندە بەربوونە وڕەی خەڵکی کورد. بە هەر لایەك گەیشتبان هەوڵی کوشتنی خەڵك و وێران و تاڵانکردنی شوێنەکەیان دەدا. لە زۆر شوێنیش عەرەبی ڕەش و روت بە تاڵانکاری و

داگیرکاری خاکی کورد، پێش هێزەکانی حەرەس قەومی دەکەوتن. تەنانەت هی وەهایان هەبوو دەستی بەسەر ماڵ و موڵکی کوردە درواسیەکەی خۆشی دادەگرت. پرسەکە بەو جارە بوو خەڵکی کورد بە زار لەو خاکە دەربکەن کە هەزارەها ساڵ بوو تێیدا ژیاوە گی داکوتا بوو. بگومان ئەوەی ئەنجامیان دەدا بشک بوو لە پرسی (تعریب و تەبعید). لەکاتی پەلاماری کانیش دروشمەکانی وەك (أحن البدو – وین العدو) و (أحن العرب أهل الغیرە – نطرد الاکراد من ها الدیرە) یان دەوتەوە.

بەو شێوەیە زار گوندی کوردیان وێران کرد و ئەمەو لە زار شاریش هاوڵاتی سقیلیان کەوتبا بەر دەست، بەوپەڕی دڕندەیی ئشکنجیان دەدا، هەندك لەو بەرکەوتانە لژێر ئشکنجە گیانیان لدەستدا. بە مەبەستی چاوترساندنیش، بە دەستژی کوللە خەکی زریان شەهید کرد. زریشیان دەربەدەر کرد. بە سەدان گوندیان کردە ستماك. بە نموونە رژی 8 ی حوزەیران کە بەسەر گوندە کوردییەکانی شاری کەرکووکیاندا خەکەکەیان ئاوارە کرد. هەر لەو شارە بازای (ئاخور حوسن) کە بازای کوردەکان بوو تانکرد و دوکانەکانیشیان بە بلدزەر روخاند. لە گەەکە کوردنشینەکانی وەك شریجە و رەحیماوە رەشبگیری خەکی سقیلیان کرد و بە بێ دادگایی هەندکیان گوللەباران کرد. زار ماڵیشیان تاڵان کرد. رژی دواتر (مانعتە جولی) یان راگەیاند کە لەو رژە زار شاری کوردستان ووبووی دڕندانەترین شاڵاوی سربازی بنەوە. ئەوان هەمەتی شکۆژی خەکی بتاوانیان بە جرك گرتەبەر کە تا ئەو کاتە مژووی گلی کورد بە خێوە ندیبوو.
رژی 10 ی حوزەیرانیش حکومەت بە رەسمی داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بەبێ هیچ مەرجك لە ماوەی چەند کاتژمرکدا تەسلیم بێ. ئەوسا جگە لە مانعتە جولی هەموو کوردستان، سیاسەتی (أرض المحروقة) شیان پیادە کرد. عقید سدیق مستفا ئلنعمی ناسراو بە (زعیم سدیق) کە یەکك لە سەرکردەکانی حەرەس قەومی بوو، لە شاری سلەمانی و دوروبری، سەرپرشتیاری راستەوخۆی کەمکوژییەکەی حامییی کرد. ئەمەو لە شاری کیەش وەك من لە چەندان شایەد حاێ گومم لبووە رژی 4 ی تەممووز کەمەك کەسی سقیلیان لە شەقام بە دەستژی گوللە کوشت. رژی 31 ی مانگیش چوار کەسی بتاوانیان بە دینگەکانی پێش دووکانەکانی شار بەستەوە و گوللەبارانیان کردن، بە چاوترسانی خەکیش کە ئەوسا زربەیان شاریان جهشتوو، لاشەکانیان بە هەواسراوی هشتبەوە، تا دواتر مەلا و قەشەی شار، کە قورئان و ئینجیلیان هەگرتبوو چوونە لای (تاهر شەکرچی) سەرکردەی هێزەکە و تکایان لکرد بە ئەوەی لاشەکان

دابگیرێ و بیان نەژن.

کۆتاییهاتنی حەرەس قەومی

حەرەس قەومی وەك ئەوەی بەر لە کوودەتاکە بەو ئامانجەی دروستکرابوو کە ببێتە هێکاری ئاشتی و ئارامی، کەچی هەموو وەاتی پێ کرد لە کێشە و ململانێ و ستەمکاری. لە هەموو لایەك خێکی ناەزاییان لە ئاستی نیشاندا. تەنانەت لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتیشدا، دژی تاوانە سەرکێشیەکانی ئەوان، ناەزایەتی دەربڕدرا، چونکە هەر زووی ئەندامە هەرزەکارەکانی ئەو هێزە چەندان گروپی مردنیان دروستکردبوو و دەستدرێژیشیان کردبووە سەر هاوڵاتیان کە بەبێ هیچ دەستگیریان دەکردن، تەنانەت دەستدرێژیشیان دەکردە سەر ئافرەتان کە بە هیچیەوە لە بەغدا و شارەکانی دیکە بە ئاشکرا هەست بە تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکرا. لەلایەکی دیکەشەوە ئەفسەرانی سوپا و کاربەدەستانی دیکە، بەتایبەتی دادوەران لە ڕەفتارەکانیان تەواو بێزار بوون. بۆیە دوای هەشت مانگ لە دروستبوونیان عەبدولسەلام عارفی سەرۆك کۆمار بڕیاریدا کۆتایی بە دەسەڵاتی حزبی بەعس و میلیشیای حەرەس قەومی بهێنێت. ئەوە بوو ڕۆژی 18ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بە هاوکاری بەشێک لە سوپا، کودەتایەکی دیکەی ئەنجامدا کە ئەو جارە لە دژی حزبی بەعسی هاوپەیمانی بوو، ئەوانی لە دەسەڵات دەرکرد و بارگای گشتی حەرەس قەومیشی لێ بەغدا گۆمارەدا. دوای شکستی قورس ئەو هێزە هێواشنرایەوە و زەربەی سەرکردەکانی حزبی بەعسیش دەستگیر کران. ئەوسا عارف لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کۆتایی بە حەرەس قەومی هاتووە. ئاماژەی بەوەش دا ئەو هێزە نیشتمانی نەبووە و تەنیا بە بەرژەوەندی حزبی بەعس کاری کردووە. شارەزایانیش ئەو ساڵەیان (لەنێوان مانگەکانی حوزەیران و تشرینی یەکەم دا) لە مێژووی عێراق و بەتایبەتیش لە مێژووی کوردستان، بە ساتێکی پڕ لە خوێن و کارەسات داناوە.

لەگەڵ ئەوەی تەمەنی ئەو میلیشیایە کورت بوو بەڵام چونکە لە ناخی دەندەیی و ڕەگەزپەرستی هەڵقوڵابوو بۆیە یەك لە تاریکترین ڕۆژەکانی نەك تەنیا لە مێژووی کوردستان بەڵکو لە مێژووی عێراق جێهێشتووە. دوای ئەو ماوە درێژە کەچی هێشتاش تاوانەکانی حەرەس قەومی کاریگەرییان لەسەر گەلی کورد ماوە. لەناوبردنی سڤیل و ئاوارەبوون و لەدەستدانی خاك و موڵك و ماڵ... هەموو ئەوانە بوونە هۆی قوڵتربوونی بریندەکانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی عێراق. بەداخەوە تا ئێستاش ئەوانەی دەسەڵاتی وڵاتیان لە دەستە نەك کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاسوودەکردنی دانیشتوانی

سەرتاسەری وڵات و یەکسانبوون نەکردووە، بەکو لە دزۆکردنی ئاڵوزییەکان و جیاکاری و ستەمکاری و رەوایی دان بە ستەم، بەردەوامن، کەچی داوای پاراستنی سەروەری وڵات لە هەمووان دەکەن!

ئاکۆ عەبدوڵا

سایکۆلۆژیای نەزانین و ئەخلاق: کاتێک سەکرات تاوان لە قەفەسی بەئاگاییدا دانەنێت.. کارزان عەزیز

پوختەی وتار

لە مژووی بیری مرۆڤایەتیدا، کەم فەیلەسووف هەیە وەک سەکرات توانیبێتی پایەکانی بیرکردنەوە لەق بکات. ئەم وتارە بە قووڵایی تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە مەزنترین بەچوونەکانی سەکرات کە دەڵێت: «خراپە تەنها بەرهەمی نەزانینە، نێک خراپەکاریی ئاستەقینە.» لە ڕگەی پشکنینی هەندێ دەروونی، کەمایەتی و ژینگەییەکانی نەزانین لە جیهانی هاوچەرخدا، وتارەکە هەوڵ دەدات نیشانی بدات کە چۆن گەنەوە بە هۆشیاری و ناسینی خود، تاکە ڕگەیە بە ڕزگارکردنی کەمەگە لە قەیرانەکان و هەنانەکایی ڕووشتەکی ڕەسەن.
لە مژووی بیری مرۆڤایەتیدا، کەَم فەیلەسووف هەیە وەک سەکرات توانیبێتی پایەکانی بیرکردنەوە لەق بکات و مرۆڤ ناچار بکات لە پەناگە ئارامەکانی بەئاگایی و خۆی قووڵی هزری هۆشیار ببێتەوە. لەو سەردەمەی کە سەکرات لە شەقامەکانی ئەسینادا دەگەڕا و پرسیاری لە خەڵک دەکرد، ئامانجەکەی تەنها تاقیکردنەوەی زانیاریی ڕەزانە نەبوو، بەکو دروستکردنی جۆرێک بوو لە تەقینەوەی هۆشیاری لە مشکی کەمەگەدا، تاوەکو تاک ناچار بکات لە دەوروبەری خۆی وردبێتەوە و لە بازنەی سادەیی ژیانی ڕەزانە و تەقلیدی باو تێپەڕێت.
یەکێک لە قووڵترین، ڕیشەییترین و مشتومڕاوییترین بەچوونەکانی ئەم

فیلەسووفە مەزنە ئەوپەی کە دەڵێت: «خراپە تەنها بەرهەمی نەزانینە، نەک خراپەکاریی ئاستەقینە.» ئەم ڕستەیە، لە یەکەم نیگادا، ڕەنگە بە هەزری باو سەرسوڕهێنەر، شکۆهێنەر یان تەنانەت نامۆ بێت لە بەرامبەر ئەو واقیعە تاڵ و پڕ لە نادادپەروەرییەی کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگەدا دەیبینین؛ بەڵام کاتێک بە وردی لە قووڵایی ماناکەی وردە دەبینەوە، دەبینین دەروازەیەکی زانستی، دەروونی و کۆمەڵایەتییە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ و قەیرانە قووڵەکانی ژیانی هاوچەرخ.

تەوانینی باوی کۆمەڵگە بەرامبەر تاوان و پێچەوانەکەی لەلای سۆکرات

لە تەوانینی باوی کۆمەڵگە و یاسای سزادا، کاتێک کەسێک هەڵەیەک دەکات، ستەمێک دەکات، یان کارێکی ناتەندروست ئەنجام دەدات، یەکسەر پێنجەی تۆمەتی بۆ درێژ دەکرێت و وەک کەسێکی خراپی سروشتی سەیر دەکرێت کە گوایە بە حەزی خۆی و بە ئەنقەست لادانی کردووە و بە ڕوانگەیەکی جنونئامێز بەرەو خراپە هەنگاوی ناوە.
بەڵام سۆکرات دیدێکی تەواو پێچەوانەی هەبوو؛ ئەو پێی وابوو کە هیچ مرۆڤێک بە حەزی خۆی و بە ئەنقەست ناچێتە ڕێگەی خراپە و وێرانکاری، ئەگەر لە دەرئەنجامی کارێکە و لە ناستی و باڵایی چاکە تێبگەیشتبا. بە باوەڕی سۆکرات، چاکە هاوتایە لەگەڵ زانین، تێگەیشتن و دانایی، و خراپیش ڕوویەکی تری نەزانین و کوێربوونی هزرییە. کەسێک کە گەندەڵی دەکات، ستەم لە لاوازێک دەکات، سامان و سامانی گشتی بە هەدەر دەدات، یان بنەما ئەخلاقییەکان پشێل دەکات، لە ناستیدا لە دۆخێکی نەزانین و غەفلەتێکی قووڵدایە؛ ئەو نازانێت یان ناتوانێت ببینێت کە ئەو کارە پێش هەموو کەسێک زیان بە مرۆڤبوونی خۆی دەگەیەنێت. ئەگەر تیشکی ڕووناکی و هۆشیاری بژێتە ناو هزری، بە دڵنیاییەوە پێشیمان دەبێتەوە و دەستبەرداری ئەو ڕەفتارە نالەبارە دەبێت.

نەخشییە مەعریفییەکان و بۆشاییە دەروونییەکانی مرۆڤ

لە ڕوانگە دەروونییەکانەوە، مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە داوی هەڵە، لە بنەڕەتدا بەدوای پڕکردنەوەی بۆشاییە ناوخۆییەکانی دەگەڕێت، بەڵام چونکە لە دۆخی نەزانیندایە، ڕەگەی هەڵە هەڵەدەبژێرێت. سۆکرات باوەڕی وا بوو کە ڕەحمی مرۆڤ لە بنەڕەتدا بەدوای چاکە و جوانی و ناستیدا دەگەڕێت، بەڵام تەمومژ و نەبوونی ڕووناکی لە هۆشیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەگەی نادروست بگرێتە بەر.
کاتێک کەسێک ناتوانێت خودی خۆی بناسێت، ناتوانێت بەهای مرۆڤبوونی

دەروبەریش بپارێزێت؛ بەپێی فەلسەفەی «خۆت بناسە» لەڕدا دەبێتە تاوەری سەرکی، چونکە تەنها ئەو کەسەی سنوور و ئازارکانی خۆی دەناسێت، دەتوانێت لە جیهانی دەرەوەشدا دادپەروەر و لێبوردە بێت. کەواتە، خراپەکاری لە دیدگای سەکراتیدا نەخۆشییەکی مەعریفییە نەک تاوانێکی بەوننەی بنەڕەتی کە بە تەنها بە سزادانی توند کۆتایی بێت.

هەندی ژینگەیی و کۆمەڵایەتیی نەزانین لە جیهانی هاوچەرخدا

کاتێک ئەم بنەمایە دەگوازینەوە بۆ ناو واقیعی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، دەبینین زۆرێک لەو قەیرانانەی کە ڕۆژانە لە میدیاکاندا باسیان دەکرێن – لە کاوەکردنی سروشت و شاخەکان، تا دەستکاریکردنی سیمای خاک و ژینگە – لە بنەڕەتدا لە نەبوونی هۆشیاریی قوول و تێفکرینی گشتییەوە سەرچاوە دەگرن.
ئەو کەسەی دەست بە تێکدانی هاوسەنگیی سروشت و زیدەکاری لەسەر ژینگە دەبات، تەنها تاوانبارێکی ڕووت نییە، بەڵکو تووشبووی جۆرێک لە کوێربوونی هۆشیارییە بەرامبەر داهاتووی نەوەکان. لە لایەکی تریشەوە، زۆرێک لە تووندوتیژی و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی نەبوونی پەروەردەیەکی ڕەخنەگر و سیستەمێکی بۆئاگای هۆشیارکردنەوەن. کەواتە، تەنها سزادان کێشەکە لە ڕیشەوە چارەسەر ناکات، بەڵکو چارەسەری ڕاستەقینە لە بەاوکردنەوەی زانیاری، گۆشەپەدانی پەروەردە، و هۆشیارکردنەوەی گشتیدا خۆی دەبینێتەوە.

کاریگەریی تەنیایی و نەزانین لەسەر تێکچوونی ڕەوشتی گشتی

جگە لەوەی نەزانین دەبێتە هۆی سەرئەنجامی یاسایی نالەبار، لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر تێکچوونی پەیوەندییە مرۆییەکان و دروستبوونی تەنیایی دەروونی هەیە. مرۆڤی بێئاگاو نەزان، لە ناو بازنەی تەسکی بەرژەوەندییە کەسییەکانیدا دەخولێتەوە و ناتوانێت لە ژان و ئازاری ئەویتر تێبگات.
ئەم نەبوونی هاوسۆزییە، کەمتەرخەم بەرەو لەواری تاکگرایییەکی توند و بێبەهای ئەخلاقی دەبات. سەکرات پێی وابوو کە پەیوەندی نێوان ڕەوشتی باش و زانین پەیوەندییەکی پچڕاندنەنییە؛ هەر کاتێک مرۆڤ زانیاریی دەستکەوت، ئیتر هاوسۆزی لەگەڵ دەوروبەریدا گۆشەدەکات و دەبێتە بەشێک لە چارەسەر نەک بەشێک لە کێشە.

ئەرکی پیرۆزی میدیا و ڕۆشنبیران لە بەرنگاربوونەوەی نەزانیندا

لەم سەنگەیەوە، ڕۆڵی میدیای تایبەتمەند، ڕۆشنبیران و ناوەندە ئەکادیمییەکان دەبێتە ئەرکێکی پیرۆز و نیشتمانی. کاری میدیا تەنها گواستنەوەی ڕووداوە وتەکان نییە، بەڵکو گرێپخستنە سەر ئەو

تاریکییانەی کە نەزانین تێیدا گۆشە دەکات و دەبێتە لانکەی قەیرانەکان.
کاتێک وتارێک دەنووسین، ئامانجمان ئەوەیە بەشی نەزانین لە کەمکردنەوەدا کەم بکەینەوە و هۆشیاری بکەینە پردێک لە نێوان زانیاری و ڕەفتاری ڕەوشتیی تاکدا. میدیای هۆشیار ئەو میدیایەیە کە مەشکی خوێنەر لە چەقبەستوویی ڕزگار دەکات و هانی دەدات هەمیشە پرسیار بپرسێت و باوەڕ هەڵنەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئاستەی نوێ بۆ فەلسەفەی پەروەردە و بنیادنانی داهاتوو
بۆ ئەوەی بتوانین لەم قەیرانە مەعریفییە دەرباز ببین، پێویستە سەرلەنوێ پەداچوونەوە بە سیستەمکانی پەروەردە و فێرکردندا بکەین. پەروەردەی ڕاستەقینە تەنها بریتی نییە لە گواستنەوەی زانیاریی وشک لە پەڕتووکەکانەوە بۆ مەشکی قوتابی، بەڵکو فێربوونی هونەری پرسیارکردن، ڕەخنەگرتن و وردبوونەوەیە لە مانای ژیان.
کەمکردنەوەیەک کە فەری پرسیارکردن نەکرێت، بۆ ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بۆئاگایینەوە. بۆیە، گرنگە بۆ ڕەحی فەلسەفەی سەکرات، دەرمانێکی بنەڕەتیی بۆ زیندووکردنەوەی ڕەحی مرۆڤایەتی لە جیهانی هاوچەرخدا.

ئەنجامگیری
لە کۆتاییدا، کاتێک پەنجەرەی تەفکرین لەسەر دیدگاکەی سەکرات دەکەینەوە، بەمان دەردەکەوێت کە کەشتی گەورەی مرۆڤایەتی بوونی کەسانی شەڕانگێزی سروشتی نییە، بەڵکو بەاوبوونەوەی تاریکیی نەزانینە لە ناو مەشکدا. سەکرات بانگهێشتکی هەمیشەیی بۆ مرۆڤ دەنێرێت تاوەکو لە جێگەی کینە و تۆڕە، ووناکی مەعریفە و هۆشیاری لە دەوروبەرماندا بەاو بکەینەوە.
کاتێک زانیاری جێگەی نەزانین دەگرێتەوە، خراپە خۆبەخۆ دەکشێتەوە، چونکە هیچ تاریکییەک ناتوانێت بەرامبەر تیشکی هۆشیاری خۆی ڕاگرێت. لەڕەدا، بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەوێتە سەر شانی هەموو تاکێکی هۆشیار کە بڕشدار بێت لە بنیادنانەوەی کەمکردنەوەیەک کە تیایدا ژیان شایستەی ژیانکردن بێت.

لێنەوان من و تۆ و.. شیعری ئیلهام موادی

ئەدوەم لە جوانیت
باشاتر ئەبێ لە سەر زمانم
هەندێ جوانی
بەدەنگەوە تابلۆیەک.

کاتێک ئەوانی
لە ئاوێنەی داهاتوو
من لە پشت پەردەی چاوەکانتدا
ئەبینم خۆم
خەیاڵمە ئەو مرۆڤە
ئەیکەیتەوە کە.

کاتێ ئەبینی ژیان
وەک هونارە تژ لە خوێن،
یادەوەرییەکە هەر دانیەکی
دەتەنگیێ
پرسیارێکی بێ وەڵام هەر دانیەکی.

دانیەکین هەموومان لە ناو هەناری ژیاندا
دەژین
دەشکێین
دەکوێن لە یەکدی
دەمێنینەوە وەک سەبارە لە ناو دەکدا.

کاتێ ئەکا ئاماژ ەووخساری ئەڤین
ئەوا پەرشانە زوڵف
ئەسیرە خەیاڵ
ڕەگایەکی ڕاست نییە
عەشق
کەانەکی ونبوونە مرۆڤ تێیدا.

بینیو ئازار لە ناو چاوەکانت
کاتێ کردم پرسیارێ
بۆچی دەخۆشت، مرۆڤ؟

عەشق
ئەو نییە، نزیک بە کەسە،
دووری بکاتە نزیکی عەشق.

کاتێ ئەکەی گاڵتە خەشیەکانی ڕۆژ
شاراوەییەک لەنێو پەکەنینتدا مەاسداوە خۆی.

حەشار بدە نیگاکانت بە قاچاغی
تا یار
هەست بە بەهیوایەت نەکا؛

لە نێوان تۆ و من و یاردا
وجوودێ هەس
ئەفسانەیەک هەس
خەش خوانیەک هەس
کاتێ ئەژم من
لە تەشدا هەیە بەشک
تۆ کە دەڵێیت "تۆ"،
لە منیشدا هەیە شوێنێ
کاتێ ئەژین یار
واتا نەشینی سەز.

سنە
ئیلهام موادی

جیاوازی ڕۆژنامەنووس و مایک بەدەست.. هەشیار جەمال

ڕۆژنامەنووس، خەمی گشتییەتی، مایک بەدەست خەمی خۆیەتی.

ڕۆژنامەنووس ڕاپۆرتی بنکەکاری ئامانجەتی، مایک بەدەست پشبەکەی ئوتومبێلی چینی و ئەمریکی ئامانجەتی.

ڕۆژنامەنووس وەک دوای جوتیاران وخاوەنکارەکانی وەاتەکەیەتی که

بە بەرهەمکانیان ساغنابێتەوە و کۆشە لە کۆدایە و چارسەر چیە؟ مایک بەدەست وەی دوای فیستیڤالی یاپراخ و کفتیە.

ڕۆژنامەنووس لەدژی گەندەڵی و نەبوونی ئازادی وەکو سەرانی مامە حەمە ، سەردەشت عوسمان ، کاوە گەرمیانی خوێنی خۆی دەبەخشێت، مایک بەدەست هەر ڕۆژی ماستاوچی بەردەرگای بەرپرسەکە.

ڕۆژنامەنووس بەماندووبوونی زۆر و بە ژیانی سەخت خوێندن تەواو دەکات، مایک بەدەست بە گەندەڵی ودرۆ و کۆتن لەبەردەم ژووری سەرۆک بەشەکی لەزانکۆ و پەیمانگاکان خوێندن تەواو دەکات.

ڕۆژنامەنووس خەمی وەران بوونی ژینگە و داگیرکردنی نیشتمان ونادادپەوەری سەرچاوەی کارەکانیەتی، مایک بەدەست فیستڤالی شاجوانی پشیلە پشینەی کارەکانیەتی.

ڕۆژنامەنووس ئامادە نیە وەکو کەیلەی دەزگاکەی هەرچیان وت بێی باش مایک بەدەست بە دوو دیناری زیادە خۆشی و ئەو کەسەی دیداری لەگەڵ کردووە دەکات بەگاتە جاێی سەشیال میدیا.

ڕۆژنامەنووس ئەهلی کتێب و ڕەشنبیری گشتیە و حەزئەکات پێشکەشکاری بەرنامەک بێت لەتیف هەڵمەت و بەختیار علی و فەرید ئەسەرد و ڕەفیق ساڵح میوانی بن، مایک بەدەست بەدوای کەترباڵکانی شاردا دەگەڕێت تا قسەی بە بکات.

ڕۆژنامەنووس کۆشکانی خەڵک کە ئاو، کارەبا، موچە، بەنزین، نەوت، زەری باج، هتد بناغەی کارەکانیەتی ودەیەوێت ەای گشتی دروستبکات، مایک بەدەست لەبارەگای حیزبەوە ەومالی سەردانی سکرتێری شەشەمی جەگری دووەمی سەرکی حیزب دەکات.

دواجار ڕۆژنامەنووس ئاگاری دەستکەوتنی کاری لە میدیای ئەمەی کوردیدا زۆرکەمە، بەڵام مایک بەدەست هەر ڕۆژی لەگەڵ میدیایەک گرێبەست ئەنجام دەدات.

هەشیار جەمال

دوو هۆنراوە بە باخچەی منداڵان.. فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

باخچەی ئەستێرە

ئای لە بریسکەی ئەستێرە!
پرشنگی وەکو زێڕ
بۆونەکی شەوانی
بەسەرشاری سلێمانی
دیمەنی شارمان جوانە
بۆونەی چراخانە
ناوی تۆ ئەستێرەیە
ۆونەکیت بۆ ئێمەیە
وەکوناوی باخچەکەم
هیچ جیاوازیەک ناکەم
تۆبە پرشنگی زێڕین
باخچە هۆشت وزانین
چرای دەستمان هەڵدەکەن
دنیامان هۆشن دەکەن.

باخچەی لانک

منداڵین زیت وزرنگ
هاتوینە باخچەی لانک
جێی پەروەردەوفێربونە
ئایندەمان پێی ۆوونە
ژینگەی هازاوەو جوانە
لانکمان ئاوەدانە
بەیاری و جۆبازدان
دەیکەین وەرزش بەیانیان
دەنگی مەسیقاو سرود
چیرۆکی جوان و بەسود
دیاری دەستی مامۆستان
بۆئێمەی وردیلەی جوان

لەژوری وێنەکێشان
بە پێنوسی ڕەنگەکان
تابلۆی ڕەنگین دەکێشین
بۆیە ئاوا دەخۆشین
لانک باخچەی ئەمۆیە
دەمان پڕی ئاسودەیە.

دایە.. سامان خدر

دایەگیان دایەی شیرینم
دایەی هەزو ئەوینم
دایە ی دە خۆشی ژینم
جوان تری لە گشت جوانی
دایە ی پە میهرەبانی
دایە واتای ژیانی ئەی دایەی پە لەجوانی
دایە هەزو هەناوم
دایە بێتە ناتوانم
لەباوەشی گەرمی تە لە دەنگی هەناسەی تە
هەمووکات حەسامەوە دە خۆش بوم گیرسامەوە
هەتا ئەوکاتەی ماوم دایە هەرتەی ژیانم
دایە تە زەر مەزنی هەرتە خەم خۆری منی
فێری ژیانت کردم هەرتەی دە سەزت کردم
تە عەشقەکی مەزنی هەرتە ڕەبەری منی
لای من بەرزو پەرەزی دە سەز تر لەدە سەزی
هەرتە نوێنەری وەفای
ئازیزترینی دونیای

ناوت بەرزو پیرەزە دنیاش بێتە بەجەشە
تە ونەکی ژیانی پێی لەئاوەدانی
ئەی بەرزتر لەبەرزی جوان تر لەگشت جوانی دی
تاوەکو بونت هەبە خەم لەکوە باوی دەبە
بۆیە هەر دەمەم دایە ناوت لەناو خوێنمایە